لەم ژمارەیەدا
ل3 عێراق دەبێتەوە عێراقەکەی جاران؟
ل4 وێنەکان رابردوو دەگێڕنەوە
ل5 ئایندەی تیرۆر لەنێو ململانێکانی عێراقدا
ل6 خوێندنگەی کوردی زووترمیر هیوای منداڵانی کورد



# گەل ڕۆژی
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە, حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە (151) یەکشەممە 2006/6/25


## باشووری کوردستان لەزۆر وڵاتی جیهان بەهێزترە



بەگوێرەی رۆژنامەی ئیندیپێندێتی بەریتانی، باشووری کوردستان بەرەوشی ئێستایشەوە لەگەلێك وڵاتی ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەوتووترو بەهێزترە.پاتریك کۆکبورن نووسەری ناوداری ئینگلیزی لەنووسینێکی بالکێشدا رۆژی هەینی رابردوو، لەژێر ناوی (لەدایك بوونی نەتەوەیەك)دا کە لەرۆژنامەی ئیندیپێندێت دا بڵاوکراوەتەوە ئاماژەی بەرەوشی ئێستای باشووری کوردستان کردووەو راشکاوانە دووپاتی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە هەرێمی کوردستانی فیدراڵ بە بەراورد لەگەڵ هەندێك وڵات کە ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن زۆر پێشکەوتووترە، گرنگی تایبەتی هەرێمیو جیهانی هەیە.

# هەندێ رۆژنامەنووسی کورد شینی عێراقچێتی دەگێڕنو داوا لەبەغدا دەکەن کەناڵێکی ئاسمانی بەزمانی ئەوان دا بمەزرێنێ

ئێستا لەدەستووری عێراقیدا زمانی کوردی وەك زمانی فەرمی دەوڵەت لەکوردستانو عێراق ناسێندراوە. لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەنێو پەرلەمانی عێراقدا هەیەو سەرکۆماریش کوردە کەچی حکومەتی عێراق هیچ دەزگایێکی راگەیاندنی بەزمانی کوردی نیە. لەم پێوەندییەدا هەندێ رۆژنامەنووسی خۆ بەعێراقزان کەوتوونەتەخۆ تاوەکو رووی رەشی حکومەت ئارایش بکەنو بەسپی پێشانی گەلی کوردستانی بدەن، داوا دەکەن کەناڵێکی ئاسمانی سەر بەحکومەتی عێراق بەزمانی کوردی دابمەزرێنن.

بەمەبەستی نارەزایی دەربڕین لەبەرامبەر نەبوونی کەناڵێکی ئاسمانی سەر بەحکومەتی عێراق بەزمانی کوردی هەر یەك لەرادیۆی دەنگی کوردستانو ئاژانسی هەواڵی کوردستان بڕیاریان داوە بۆ ماوەی یەك هەفتە مان بگرن. هەرچەندە شێوازی مانگرتنیان نەزانراوە، بەڵام ئەوان لەیاداشتێکدا کە بۆ حکومەتی عێراقو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاراستەیان کردووە، داوایان کردووە کەناڵێکی ئاسمانی هاوشێوەی عێراقییە دابمەزرێو بەزمانەکانی کوردیو تورکمانیو سریانیو ئەرمەنی، بەرنامەکانی پەخش بکات، هەروەها داوایان لەحکومەت کردووە کارمەندانی راگەیاندن بپارێزن، بەتایبەت لەشوێنەکانی کارکردنو لەکاتی ئامادە بوون لەشوێنی روداوەکاندا. لەو یاداشتەدا داواکراوە کە دەرگەی وەزارەتەکان لەبەردەم رۆژنامەنووساندا والآ بکرێن بۆ ئەوەی لەئاشکراکردنی گەندەڵی ئیداریدا رۆڵی کاریگەریان هەبێ، ئەم داواکاریە لەکاتێکدایە کە تا ئێستاش دەرگەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بەرووی رۆژنامەوانانی دەرەوەی حزبە دەستەلآتدارەکان داخراوە.

## یەکێتی ئەورووپا ریفۆرمی زیاتر لەتورکیا دەخوازێ



یەکێتی ئەورووپا دووپات دەکاتەوە ئەگەر تورکیا ریفۆرمی زیاتر لەنێوەخۆی وڵات بەرێکوپێکی ئەنجام نەداتو هەڵوێستی خۆی بەرانبەر قوبرس کە ئەندامێکی یەکێتی ئەوروپایە نەگۆڕێ، دووچاری رەخنەی زیاتر دەبێتەوە.

بەرپرسێکی کۆمیتەی بەرفراوانکردنی یەکێتی ئەوروپا لەنێو پەرلەمانی ئەورووپادا، رایگەیاند: پاییزی داهاتوو دانوستاندنەکان سەبارەت بەئەندامێتی تورکیا لەنێوان یەکێتی ئەورووپاو تورکیا دەست پێدەکەنەوە، بەڵام تا ئێستا تورکیا ریفۆرمی پێویستی لەسەر ئاستی نیوەخۆدا بەرێوەنەبردووە، هەڵوێستی نەرێنی بەرانبەر قوبرس پێشان نەداوە، بۆیە ئەگەر درێژە بەو سیاسەتە بدات، رێگەی گەیشتنی بەیەکێتی ئەوروپا سەختو دژوار دەبێتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەتی تورك بەگەف وەڵامی هەرەشەکانی یەکێتی ئەوروپا دەداتەوەو دەڵێ: ئەگەر گوشاری دیکە بخرێتە سەری پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو یەکێتیە رادەگرێ.

## حکومەتی مالکی دانوستاندن لەگەڵ تیرۆریستان دەکات



نوری مالکی، سەرۆکوەزیرانی عێراق راشکاوانە داوای دانوستاندن لەگەڵ ئەو گروپە چەکدارانە دەکات کە پێشتر وەك تیرۆریستو مرۆڤ کوژ باسیان لێوە دەکرا. رۆژنامەی تایمزی بەریتانی لەژمارەی دوێنێدا بڵاوی کردەوە کە حکومەتی عێراق بەنیازە لێبوردن بۆ تێکرایی ئەو زیندانیانەی دەستیان لەکوشتنی عێراقیەکاندا نەبووە، دەربکات. بەگوێرەی رۆژنامەکە ئەم لێبوردنە لەچوارچێوەی بەرنامەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیدا دێت کە بڕیارە حکومەتی عێراقی بەمەبەستی ئاسایکردنەوەی بارودۆخی ئاسایشو هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی تیرۆر لەوڵاتدا رایبگەیەنێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو گروپانەی کە ناوی بەرەنگارییان لەخۆیان ناوەو بێپەروا تەقینەوەکان ئەنجام دەدەن، پێشمەرجی خۆیان بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق خۆستۆتە روو، ئەوان دانانی خشتەیەکی دیاریکراو بۆ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایان بەیەکەمین پێشمەرج دیاریکردووە. لەم پێوەندییەدا چاودێرانی سیاسی هەوڵی دانوستاندنی حکومەتی مالکی بۆ بێهێزی حکومەتی عێراقو گوشارەکانی ئەمریکا دەگێڕنەوەو پێیانوایە ئەگەر لە ماوەیەکی کورتدا ئاسایش بەرقەرار نەکرێ، رەوایەتی حکومەت دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

## داوای ئازادکردنی بەندکراوانی سیاسی لەسوریە دەکرێ

پەرلەمانی ئەوروپا بۆ جارێکی دیکە داوای ئازادکردنی بەندکراوانی سیاسیو رامانی لەسوریە کرد. ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا لەکۆبوونەوەیەکدا کە لە نێوەڕاستی مانگی حوزەیران بەرێوەچوو، داوایان لەحکومەتی سووریە کرد کە تێکرایی بەندکراوانی سیاسی ئازاد بکاو کارێك بکا کە بەندکراوەکان بەپەلەو بەشێوەیەکی بەردەوامو بێ مەرج رێگەیان پێبدرێ دیدار لەگەڵ پارێزەرانو کەسو کاریان بکەن.

ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا تیشکیان خستە سەر پێویستیی پەیمانی هاوکاری لەنێوان یەکێتیی ئەورووپاو سوریا کە تا ئێستا ئیمزانەکراوە، بەوەی حکومەتی سوریا بەڵێن بداو رەوشی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا باشتر بکات.

رێکخراوەکانی مافی مرۆڤو هێزە نەیارەکانی سوریا بەردەوام دیمەشق بەوە تاوانبار دەکەن کە بەرەشۆکی خەڵك دەگرێو زیندانیان دەکات. لەم رۆژانەدا بۆ جارێکی دیکەش دادگەی ئاسایشی سوریا سزای یەك ساڵ زیندانیکردنی بۆ محەمەد غانم کە نووسەرێکی ناسراوی دۆستی کوردانە بڕیەوە، پاشان لەژێر گوشاری دەرەکیدا سزاکەی بۆ 6 مانگ کەم کرایەوە. ناوبراو رۆژی 31-3-2006 یشیدا لەسەر پشتیوانیکردنی لەزمانی کوردیدا 15 رۆژ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنرابوو.

## رۆژەڤ

پەرلەمان نوێنەرایەتی گەل دەکاتو لە جیاتی ئەوانەوە یاساو بڕیارەکان دەردەکات. لیستو پاڵێوراوەکانیش کە دەنگی خەڵك وەردەگرنو بەهێزی دەنگدەرانەوە دەرگەی پەرلەمانیان بۆ دەکرێتەوە پشکی تایبەتیان لە یاسادانانو دەرکردنی بڕیارەکاندا دەبێ. سەنگاییو رەوایەتی ئەو پاڵێوراوانەی راستەوخۆ بەدەنگی جەماوەرەوە دەگەنە پەرلەمان لەوانە تایبەتمەندترە کە لەنێو لیستە براوەکانەوە رەوانەی پەرلەمان دەکرێن. لە هەردوو بارەکەدا ئەوانەی دەگەنە پەرلەمان بەشێوەیەك لە شێوەکان نوێنەرایەتی گەل دەکەن. لەبەرانبەر چارەنووسو داهاتووی گەلو نیشتیمان بەرپرسیار دەبن، بەقەرزاری ئەوکەسانەش دەمێننەوە کەدەنگیان پێداونو رەوانەی پەرلەمانیان کردوون. ئەرکی پەرلەمانتێر زۆر لەوە هەستەوەرو گەورەترە کە بەزارەکی باسی لێوە بکرێ، لێ مخابن زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان هەست بەو پیرۆزیو گەورەییە ناکەنو لەئاست ئەو بەرپرسیارێتییەدا نایەنەوە. ئەرکی پەرلەمانتێر لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە لەرێگەی سوێند خواردنەوە ناچار دەکرێ کە راستوێژانە رەفتار لەگەڵ رەوشو رووداوەکاندا بکاتو لەخەمی بەرژەوەندی گەلو نیشتیماندا خۆی تەرخان بکات.

پەرلەمانتێر چاوی رۆشنی جەماوەرو ئاوێنەی بالآنوێنی دەنگە وەرگیراوەکانە، نابێ لەجەماوەر دابڕێو ئاگای لەئێشو ئازارەکانی خەڵك نەمێنێ. ئەندام پەرلەمانێك ئەگەر راستەوخۆ نەچێتە نێو جەماوەرو گوێ بۆ گلەییو رەخنەو داخوازییەکانیان شل نەکات، هەقانیەتی نوێنەرایەتی کزدەبێو لەتوانای دانابێ، خواستەکانی گەلێك رەنگ پێبداتەوە. پەرلەمانتێرێك ئەگەر ئاگای لە نرخی بازاڕ نەبێ، هەست بەئازاری قەیرانی نیشتەجێبوون، سووتەمەنی، ئاووکارەبا نەکاتو نەزانێ گرفتو ئارێشەکانی جەماوەر چین، لەرۆبۆتێکی قورمیشکراو بەولاوە رۆڵو کاریگەری لەسەر داهاتووی نیشتیمان دانابێ، زیاتر پەرۆشی ئەوە دەبێ کە دڵی سەرکردەکانی حزب بەلای خۆیەوە رابکێشێو ئەوان لەخۆی رازی بکات. پەرلەمانتێرانی وڵاتان ئەگەر لەسەر لیستی حزبەکانیشەوە دەگەنە جەماوەر، بەڵام ویستو بڕیاری خۆیان بەحزب ناسپێرنو رازیش نابن کە حزب لەپشتەوەڕا قورمیشیان بکات.

پەرلەمانتێرانی کوردستان چونکە لەلایەن حزبەکانەوە رەوانەی پەرلەمان کراونو راستەوخۆ دەنگی خەڵکیان وەرنەگرتووە، چاوبەرەوژێرو شەرمەزاری حزبو سەرکردەکانن، لەنێو پەرلەمانیشدا دەیانەوێ پاداشتی ئەو چاکەیەی حزب بدەنەوە، هەر بۆیە بەموو لەسیاسەتی حزب لانادەن. ئەگەر کەسێك دژی سیاسەتی حزبەکانی ئەوان هەڵوێستی وەرگرتو دەنگی نارەزایی دەربڕی، ئیدی پەرلەمانتێر ئەرکو وەزیفەی خۆی لەبیر دەکاتو لەجیاتی حزبەکەی سەنگەر دەگرێ، بەهەموو توانایەوە هەوڵی دەمکوتکردنو خنکاندنی ئەو دەنگە نارازییە دەدات. پەرلەمانتێرانی کوردستان دوو ئەوەندەی سەرکردەی حزبەکانیان لەهەوڵی ئارایشکردنی ئادگارو سیمای حزبەکانی خۆیانن. کاتێ حزبەکانیان لەبەرانبەر گوشارو گلەییەکانی جەماوەر وێکدێنەوە، پەرلەمانتێران لەبیریان نامێنێ کە بەنوێنەرایەتی خەڵك لەو شوێنە دانیشتوونو ئەو پلەیەیان وەرگرتووە، راستەوخۆ لاگیری لە حزب دەکەنو لەسەنگەری حزبەوە لەبەرانبەر جەماوەر رادەوستن. بەشێك لەپەرلەمانتێران چونکە لەرووی داراییەوە خۆیان دابین کردووە، یان دابینکراون، گرفتی سووتەمەنیو ئاوو و کارەبایان نیە، بۆخۆیان ناچنە بازاڕو پاسەوانەکانیان پێداویستیەکانیان بۆ دابینو ئامادە دەکەن، ئیدی هەر بەڕاستی ئاگایان لەخواستو ئارێشەکانی جەماوەر نەماوە. پەرلەمانتێری وا هەیە گلەییو رەخنەو داخوازییەکانی خەڵك لەژێر پێ دەنێ، لەپێناو رازیکردنی دڵی حزب ئامادەیە تێکڕای دڵسۆزانو رۆشنبیران تۆمەتبار بکات. ئێمە خوازیارین چاو بە رەفتارو کردەوەکان بخشێندرێتەوەو رێگە نەدرێ لەنێو پیرۆزی پەرلەمانەوە، پیرۆزیەکانی خەڵك لەککەدار بکرێن.

